# سەروا لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا

**محمد امين عبدالله و ڕوخۆش محمد نصرالله**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**- ئەم توێژینەوەیە بەناوی )سەروا لە شیعرەکانی محەمەد عومەر عوسمان)دا، لێکۆڵینەوەیە لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر) لە ڕووی سەرواوە. تیایدا سێ جۆری گرنگی سەروا لە شیعرەکانی شاعیردا خراونەتەڕوو، کە بریتین لەسەروای ئاسایی و سەروای ئازاد و سەروای واتایی. هەروەها هەوڵماندداوە سیماو سیستەمی دروستبونی سەروا لە شیعرەکانی شاعیردا بخەینەڕوو.

**کلیلە ووشەکان:** شیعر، سەروا، سەروای ئاسایی، سەروای ئازاد، سەروای واتایی.

## پێشەکی

سەروا یەکێکە لەلایەنە هونەرییەکانی شیعر کە ڕەهەندێکی ئێستاتیکی و مۆسیقی بەشیعر دەبەخشێت و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەبنیاتنانی ئاوازی دەرەوەی دەقە شیعرییەکاندا؛ بۆیە سەروا هەرلەسەرەتاوە تاسەردەمی ئەمڕۆ بەپێی تایبەتمەندی قۆناغی شیعری و زمانی شیعری هەر نەتەوەیەك گرنگی و بایەخی پێدراوە. محەمەد عومەریش وەك شاعیرێکی نوێخواز لەنێو دەقە شیعرییەکانیدا پەیڕەوی سەروای کردووە و دەستبەرداری سەروا نەبووە، بەڵام شاعیر پەیڕەوی هەمان یاساو سیستەمی سەروای کلاسیکی نەکردووە، بەڵکو لەپەیڕەوکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ سەروادا جۆرە سەربەستیەکی بەخۆی داوە. لەئەنجامی ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی شاعیر لەگەڵ سەروادا، لە شیعرەکانیدا سێ جۆر سەروا بەدیدەکرێن، ئەوانیش بریتین لە: سەروای ئاسایی و سەروای ئازاد و سەروای واتایی. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، کە هەڵێنجراوی نامەی ماستەرەکەمانە، هەوڵماندداوە گرنگی و بایەخی سەروا و جۆرەکانی لە شیعرەکانی محەمەد عومەردا بخەینەڕوو.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** بریتییە لە سەروا لەشیعرەکانی(محەمەد عومەر عوسمان)دا.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی پێدان و چۆنێتی بەکارهێنانی سەروا لە لایەن (محەمەد عومەر عوسمان)ەوە، وەک شاعیرێکی نوێخوازی ساڵانی هاشتاکان.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی بنەڕەتی توێژینەوەکە دەرخستنی جۆرەکانی سەروا یە لە(شیعرەکانی محەمەد عومەر عوسمان)دا.تائاشنابین بەئێشکردن و بایەخپێدانی شاعیر بەسەروا و جۆرەکانی لەناو دەقەشیعرییەکانیدا.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی توێژینەوەکەمان لەوە دایە، کەکارمان لە لەسەر یەکێک لەبنەما سەرەکییەکانی ڕوخساری دەقە شیعرییەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)کردووە، چونکە ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین پێشتر توێژەران بەزۆری گرنگییان بەناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیر داوە و کەمتر ئاوڕیان لە ڕوخساری شیعرەکانی داوەتەوە، بەتایبەت سەرواو جۆرەکانی.

**سنوری توێژینەوەکە:** سنوری توێژینەوەکە کارکردنە لەیەکێک لەبنیاتەکانی ڕوخساری ژانەری شیعر، کەئەویش سەروا و جۆرەکانیەتی لە دیوانە شیعری (لە غوربەتا)ی محەمەد عومەر عوسمانیدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەو کراوە میتۆدی (وەسفی - شیکاری)یە، کە بۆ مەبەستی شیکردنەوەی دەقەشیعرییەکانی شاعیر و دەرهێنان و دیاریکردنی جۆرەکانی سەروا بەکار هێنراون.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی لە دەروازەیەك و سێ بەش پێک هاتووە، لەدەروازەکەدا باسمان لە گرنگی و بایەخی سەروا کردووە وەک بنیاتێکی گرنگی ئاوازی دەرەوەی دەقی شیعری لەبەشی یەکەمیش دا باسی سەروای ئاسایی دەکەین لەشیعرەکانی (محەمەد عومەر)دا، لە بەشی دووەمیشدا باس لە سەروای ئازاد دەکەین لەشیعرەکانی (محەمەد عومەر)دا، هەروەها لەبەشی سێیەمیش دا باسی سەروای واتایی دەکەین لەشیعرەکانی (محەمەد عومەر)دا، لەکۆتایشدا ئەو دەرئەنجامانەمان خستۆتە ڕوو، کە لە توێژینەوەکە دا پێی گەیشتووین، لەگەڵ دانانی لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەک بەهەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

### دەروازە:

ســـــەروا بەیەکێکی تر لەرەگەزە گرنگەکانی پێکهێنانی بنیاتی هۆنراوە دادەنرێت، کە لەگەڵ کێشدا پێکەوە ئاوازی دەرەوە پێکدەهێنن "سەروا بریتییە لەو پارچە دەنگیانەی دەکەونە کۆتایی دێڕەکان، واتە ئەو پارچانەی وا پێویســـــتە لەکۆتایی هەموو دێڕەکان

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 9، العدد 1(2023) ؛ عدد الصفحات (14)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n1y2023.pp67-80
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 29 أيلول 2022؛ قُبل في 2 تشرين الثاني 2022؛ نُشرت في 22 كانون الثاني 2023؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : mohameed.ameen@univsul.edu.iq, rukhosh.160004@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2023 محمد امين عبدالله و ڕوخۆش محمد نصرالله. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

